# موختار مای لەگەڵ ئەنسار شەڕ ناکات، بەڵکوو نیزامی ستەم لەدژی ژنی کێشاوەتە مەیدانی خەباتەوە.

لە وەر گێرانی: سەیران رەحیمی

کاتێك کە رۆژی 14ی ژۆئەن موختاران بی‌بی ناسراو بە موختارمای لە ئیسلام ئاباد لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی دا ڕایگەیاند کە سەفەرەکەی بۆ ئامریکا بە هۆی نەخۆشی دایکی‌یەوە هەڵوەشاندۆتەوە، هیچ کەسێك بڕوای بەم هۆکارە نەدەکرد. رۆژنامەوانان راپۆرتیان دا کە مۆختارمای کاتی خوێندنەوەی ئەم هەواڵە جەستەی دەلەرزی و دەگریا و روو بە ئەسمای جەهانگیر دامەزرێنەری کۆمۆسیۆنی حقوقی بەشەری پاکستان وتی: شەوێك بەپەلە دەیهێنم بۆ پایتەخت و بەزۆر ناچاری دەکەن ژێر ئەو نوسراوانە مۆر کات کە لەسەر مەبنای ئەوانە لە باڵوێزخانەی ئامریکا داوا دەکات کە پاسپۆرتەکەی پێبدەنەوە. بۆچی دەوڵەتی پاکستان لە سەفەری مۆختارمای دەترسێ؟ پەرویز موشەڕەف کە بە ژێنێڕاڵێکی مۆدێڕن دەناسرێ و بۆ ئەوەیکە حکومەت نیزامی‌یەکەی پاساو بکەن،دەڵێن لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو کە تێیدا بوار بۆ دێمۆکراسی ئامادە نییە، ئەو دەور و نەقشی دەسەلاتدارێکی ئەمین و ئەتاتورکی پاکستان دەگێرێ و دەیهەوێ بە هێز دەوڵەت و کۆمەڵگاش مۆدێڕن کاتەوە. هەر لەم دوو حەوتوویەی رابردوودا بوو کە ئامریکا بۆ رەونەقی تجارەتی پاکستان یارمەتی دەوڵەتی پەرویز موشەرەڤ دا و 29ی مانگی مەی بانکی جیهانی بە پەسەندکردنی 100 ملوێن دۆلار ئێعتبار بۆ یارمەتی دان بە بارهێنان و پەروەردە لە ئەیالەتی پەنجاب، ئەو ئەیالەتەی کە چارەنووسی موختارمای خولقاندووە رازی بووە و چەند حەوتوو پێش ئەوەیش هەواڵێك لە فرۆشی f16ەکان و ئامێرە پێشکەوتووەکانی بە پاکستان و....

ئەگەر وایە ئەم ژێنێراڵە مۆدێرنە بە پێی رەواڵ نابێ وەکوو حکومەتی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی کە تەنانەت نێوبردن لە ماڤی ژنیش لەدژی بوونی خۆی دەزانێ، بە لەقاودانی ئەو جەنایەتە دڵتەزێنانەی کە فیئۆدالەکانی سەدەی ناوەڕاستی پاکستان و سیستەمە عەشیرەیی‌یەکەیان بەسەر ژنان دا بە ڕەوای دەزانن بەخۆیدا بێتەوە. مەگەر هەر ئەو فیئودالانە لە پەنجاب یان جەرگە یان ئاواییەکانیان بە چەندهاجار یاساکانی رەسمی پاکستانیان نەڤ نەکردۆتەوە و ئەحکامەکانی خۆیان نەخستۆتە گەڕ؟ مەگەر دەکرێ بەبێ ئەوەیکە خەباتێك لەدژی ئەو فیئۆدالانە و سیستەمەکەیان بکرێ کۆمەڵگایەکی مەدەنی رێك بخرێت؟ بە پێی راپۆرتەکانی پۆلیس خودی ئاغای پەرویز مۆشەڕەف لە چوارچێوەی ئەو سیستمە تەنیا لە 6 مانگی یەکەمی ساڵی2004 دا تەنیا لە پەنجابی باشوور 580 ژن دەستدرێژی جنسی‌یان کراوەتەسەر، 42 ژن ئەسیدیان پێدا ڕژاندوون، 634 ژنیان ڕفاندووە و دەستدرێژی‌یان کراوەتەسەر و 115 ژنیش کە خۆڕاگری‌یان کردووە تا دەستڕێژیان نەکرێتە سەر، لەدوای دەستدرێژی‌یەکە کوژراون. بە پێی ئەو راپۆرتانەی کە لە ڕاگەیەنەرە سەربەخۆکان دا

بڵاوکراونەتەوە، هەر لە 5مانگ لەمەوبەر بوو کە لە دەوهاری هەڵکەوتوو لە باشوری پەنجاب 13 پیاو لەژێرناوی پاراستنی شەرەف و ناموس لەبەر چاوی جەماوەر دەستدرێژیان کردۆتەسەر کچێك. تازە هەموومان دەزانین کە ڕوداوە راپۆرت دراوەکان هەموو کاتێك کەمترن لەوانەیکە ڕاپۆرت نەدراون. بەتایبەت لەو ناوچەیە کە بە هۆی بوونی سیستمی کاسێتی‌یەوە و ئەوەیکە زۆربەی جەنایەتەکان لەدژی کاسێتەکانی پۆست _ زۆرتر لە نێو هێندووەکان_ روو دەدات، قوربانیان و بنەماڵەکانیان ناوێرن سکاڵا بۆ هیچ یاسایەك بەرن یان تەنانەت گلەیی و گناشتیش بکەن.

موختار دەیهەویست بچێت بۆ ئامریکا تا لەبابەت ئەو سیستمەوە، لەبابەت قوربانی‌یەکانی، سەبارەت بەو جەنایەتانەی کە دەرحەق بەو کرابوو و ئەو هەوڵانەی کە تا ئیستا بە ئاکام نەگەیشتوون قسەوباس بکات.

ژنراڵی بە ئیستلاح مۆدێرن لەوانەیە بە هۆی ئەو کارەی موختارمایەوە زۆریش مەمنون بێت کە هەوڵ دەدات ئەم سیستمەسەدەی ناوەڕاستی‌یە لە خاکی ئەفغانستان بسڕێتەوە، ئەی ئەگەر وایە بۆچی پێش بە سەفەرەکەی دەگرێ؟ ئەم بابەتەی موختارمای ئێستا لە چاو سونەتێکی دواکەوتوو کەبەسەر ئاوایی دوردەستەکانی پاکستان ،راستی‌یەکی تۆقێنەرترە، راستی‌یەك کە لەنزیکەوە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە و هۆکارەکەشیمان نیشان دەدا.

دژبە ژنی ئەوەندە گیان سەختە و هەرڕۆژە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە بە قەوارەیەکی نوێوە دێتە ئاراوە، لە جێگایەك بە شێوەی مانەوەی دواکەوتووترین سونەتەکانی کلتور و ئایین، لە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ڕێبەری مەلاکان، لەو وڵاتانەی کە پێشکەوتووترن بە شێوەی "بزووتنەوەی ڕزگاریدەر" و دژایەتی لەگەڵ مافی "سێقتی جێنین" و حەقدەست و مافی نایەکسان. ئێستا زۆربەی هەڵسووڕاوانی مافەکانی ژنان چیرۆکی موختارمایان بیستووە و هەوڵی خۆشیان دەدەن. لە ژۆئەنی 2002 دابوو کە 14 پیاو خوازیاری ئەوە دەبن کە حوکمی ریش سپی‌یەکانی عەشیرەی بەبڕشتی ماستویی بەکردەوە دەربێن و لەبەرچاوی خەڵك دەستدرێژی بکەنەسەر موختارمای. تاوانی موختارمای ئەوەبوو کە براکەی بە نێوی عەبدوڵشەکور لەگەڵ کچێکی عەشیرەی ماستویی پێوەندی خۆشەویستی‌یان بووە. چونکە عەشیرەی موختارمای لە ئاستێکی خوارەوە بووە، ئیتر دەستدرێژیی کراوەتەسەر عەشیرەی ماستوییەکان. ریش سپی‌یەکانی دێمیروالای پەنجابی باشور خۆیان حوکمی جەنایەتکارانەی دەستدرێژی بەکۆمەڵیان بۆسەر موختارمای دەرکرد. ئەوان باوکی موختاریان ئاگادار کردەوە کە کچە 30 ساڵ تەمەنەکەی واتە موختار بۆ جەرگە بێنێ، تا بە هۆی کردەوەی براکەی داوای لێبوردن لە عەشیرەی ماستوییەکان بکات. موختار خەریکی کاری نێوماڵ دەبێت کە باوکی دەستی دەگرێ و دەیبات بۆ پەنجاب. ریش سپی‌یەکانی عەشیرەی ماستویی بەو پیاوانەی کە خوازیاری دەستدرێژی کردنەسەر موختار دەبن فەرمان دەدەن کە لەبەرچاوی خەڵك دەستدرێژی بکەنەسەر. موختارمای زۆریان لێ دەپاڕێتەوە و داوای لێبوردنیان لێ دەکات، بەڵام

مەبەستی ئەو عەشیرەیە لە داوای لێبوردن شتێکیتر بوو. بە پێی راپۆرتەکان 4 پیاو بەچەند سەعات دەستدرێژی دەکەنەسەر موختارمای. سەدان کەس چاویان لەو جەنایەتە دەکرد. موختاریان پێشتر رووت کردبۆوە، ئەو دوای ئەوەیکە دەستدرێژیان کردبووەسەر بەڕوتی لەبەرچاوی خەڵك تێپەڕ دەبێت و باوکی پەتوویەك بەسەر جەستەی ڕوتی دادەدات و دەیباتەوە بۆ ماڵ. دوای ئەو روداوە هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە موختارمای خۆی کوشتووە، ئەو کردەوە باوەی کە چاوەڕوانی زۆربەی ئەو کچ و ژنانە دەکات کە دەستدرێژیان دەکرێتەسەر. لەبەر ئەوەیکە لە روانگەی زۆرکەسەوە تەنیا رێگای دەربازبوون لە چارەنووسێکی ئاوا دڵتەزێن بە خۆکوژی کۆتایی پێدێت، بەڵام موختارمای بە هەمووانی نیشان دا کە چارەنووسی ئەو بە خۆکوژی کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو لەبەرامبەر دام و دەزگای زوڵم و زۆردا راوەستا و لەو کەسانەی کە دەستدرێژیان کردبووەسەر شکایەتی کرد. سکاڵای موختارمای لە جەنایەتکارانی ئەو روداوە وەکوو هەورەتریشقەیەك بەسەر ریش سپییەکانی ئەو عەشیرەیە هاتە خوارەوە و دەوڵەتە بێناوەرۆکەکەی ژێنێراڵ مۆشەڕەفیشی توشی زەحمەت کرد. دەبێ بزانین کە ئەو کارە دلێرییەکی زۆری پێویستە، ئەوەندە بەسە کە وەبیری بێنینەوە کە لە راگەیەندراوە گەورە سەربەخۆکانی هەواڵ دا بڵاو بۆوە کە ژنە دوکتورێك کە بۆ شیرکەتی گازی دەوڵەتی پاکستان کاری دەکرد، لە شاری سویی بەلوچستانی پاکستان، ئەو جێگەیەی کە تەئسیساتی شیرکەتی لێیە، لە لایەن ئەفسەرێکەوە دەستدرێژی دەکرێتەسەر. ئەو ئەفسەرە نە دەست بەسەر کراوە و نە دەستگیریش دەکرێت، چونکە کاپیتانی "حێماد" ئەفسەری ستاد و ئەندامی گاردی قەدیمی ئەو نیزامییە بەهێزانەیە کە ستادی ژێنێڕاڵ لە " شەڕ لەدژی تێرۆر" کە لە بەلوچستانی پاکستان کەندوکۆسپێکی زۆریان پێکهێناوە ئیدارە دەکرێ. دوکتور شایزەخالید ئەو کەسەیە کە دەستدرێژی کراوەتەسەر، ئەو دەڵێ کە گیانی خۆی و هاوسەرەکەی لە مەترسیدایە، بنەماڵەکەی خۆشی بۆ سڕینەوەی ئەو پەڵە رەشە کە ناموسەکەیانی خستۆتە مەترسییەوە، دەیانهەوێ بیکوژن. لە برێك لە راپۆرتەکان دا نووسیویانە کە عەشیرەی ئەو دوکتورە حوکمی کوستنیان بۆ دەرکردووە. ئەو ژێنێڕاڵە مۆدێرنەی ئێمە واتە پەرویز موشەڕەف رێگە چارەیەکی باش بۆ ئەو دوکتورەی دەبینێتەوە و پێیدەڵێ: بە بێدەنگی لەگەڵ هاوسەرەکەت وڵاتی پاکستان بەجێ بهێڵە و هەروەها دەڵێ: کۆلۆنێل حێماد تاوانبار نییە، هۆکار؟ چونکە ئەو ئەفسەرێکی نەجیبی پاکستانییە و ناتوانێ کارێکی وا ناحەز بکات، هەڵبەت ئەو کاتەی کە دەستدرێژی دەکرێتەسەر شائیزە، چاوەکانیان بەستبوو و ئەو نەیدەتوانی دەستڕێژکەران بناسێ.

لەبەرامبەر ڕێگەچارەکەی ژێنێڕاڵ رێگەچارەکەی عەشیرەی بەلوچ کە ئەم دەستدرێژییە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان بە سوکایەتی بە ناموسی خۆیان دەزانێ و دەستیان دابووە شۆڕش، پێشکەوتووە. سەرۆکی عەشیرەی ناوبراو کە نێوی" نەبەوی بۆگتییە" وتویەتی کە حیماد بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی دەبێ لە ئاگرێکی گەورەوە تێپەڕ بێت. بۆ سازان لەگەڵ سەرۆکی ئەم

عەشیرەیە ك بە کۆنترۆڵی نیزامی لەسەر پارێزگاکەی بە بیانووی تەئسیساتی گازی ناڕازی‌یە، ژێنێراڵ دەبێ ڕێگەچارەیەکی‌تر بدۆزێتەوە تا ئێئتلاف شەڕ لەگەڵ تێرۆر تووشی خەسارەت نەبێت. بە دڵنیاییەوە قوربانی کردنی ژنان لە لایەن ئەم عەشیرەیەوە لە پێداویستی‌یە فەرعی‌یەکانی ریش سپی‌یەکانی ئەم عەشیرە ناڕازییەیە، بەڵام موختاران کە ژنێکی لادێیی و نەخوێندەوارە، نەدەکرا کە لێیان بویستایە کە بەبێ‌دەنگی وەکوو ئەو دوکتورە پاکستان بەجێ بێڵێ. موختاران خۆڕاگری کرد و دەستدرێژکەرانی هێنایە گۆڕەپانی خەبات. خەباتی گروپە پێشکەوتووەکان سەبارەت بەم ڕوداوە لە نێوخۆی وڵاتی پاکستان و دواتر بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆڕاگری موختارمای لە ڕاگەیەنەرە بیانی‌یەکان بووە هۆی ئەوەکە لە دادگا پەروەندەکەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لەسەرەتادا وا ڕەچاو دەکرا کە دادگا کاری سەندنەوەی ماڧ موختاران بەرەوپێش دەبات. لەسەرەتا دا دادگا بۆ 2 تاوانبار حوکمی ئێعدامی دەرکرد. موختاران بەو بڕەپارەیەی کە بۆ خەسارەت وەریگرتبوو و هەروەها ئەو یارمەتی‌یانەی کە لە لایەن گروپەکانی ماڧ مرۆڤەوە بۆیان ناردبوو، 2 خوێندنگا وماڵێکی ئەمنی کردەوە. ئەو هەروەها سەیارەیەکەش کڕی کە ئێستا وەکوو ئامبولانس کەڵکی لێ وەردەگرێ. بەڵام سیستمی زۆرداران پشتیوانانێکی بەهێزیان هەیە. لەرۆژی 3ی مارسی ئەمساڵ دا، دادگای باڵای لاهور ژنانی پێشکەوتووی پاکستان و لایەنگرانی ماڧ مرۆڤی لەگەڵ حوکمەکەی خۆی تووشی سەرسووڕمان کرد. دادگای دژی ترۆری anti terrorist court ، 6 کەسی لە تاوانباران ئازاد کرد و حوکمی ئەوەشی دا کە ناتوانن بیسەلمێنن کە ئەم گروپە بەڕاستی دەستدرێژی‌یان کردۆتە سەر موختارمای، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لانیکەم 150 کەس شاهیدحاڵی ئەم ڕوداوە بوون. دادگا هەروەها حوکمی ئەوەی دەرکرد کە جەرگەی شێخەکانی پەنجاب تەنانەت بەشێوەی ناڕاستەوخۆش خۆیان لە ئاست ئەم ڕوداوە بە بەرپرس نازانن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حوکمی دەستدرێژی کردنەسەر موختارمای لەلایەن کۆی ئەو شێخانەوە دەرکرابوو. تاوانباران لەکردەوەدا تەنیا بەدانی خەسارەت مەحکوم کران و تا بەڕێوەچوونی دادگایەکی‌تر ئازادکران. بەپێچەوانەوە موختارمایش دەست بەسەر کراوە و بۆ چوون بۆ ئامریکاش بەرگری لێ دەکەن.

موختارمایان بۆ ئەو بۆ ئامریکا بانگهێشت کردبوو کە سەبارەت بە هەڵسووڕانەکانی لە ئاوایی‌یەکەی خۆیان قسەوباس بکات، بەڵام ژێنێڕاڵ مۆشەڕەف نایهەوێ کە لەو زوڵمانەی کە لە وڵاتەکەی لەدژی ژنان بەڕێوەدەچن لە ڕاگەیەنەرەکانی جیهاندا قسەوباس بکرێت.

بە وتەی" ئیندیپێندێنت" ژێنێڕاڵ مۆشەڕەف لەو کردەوەیەی موختارمای زۆر توڕەیە و بەجێگەی ئەوەیکە لەبیری عەداڵەت دا بێت، لەگەڵ هێندێك لە سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی پاکستان هەوڵ دەدات بەر بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە بگرێت. هەڵسووڕاوانی ماڧ مرۆڤ دەڵێن ، موختارمای بە کۆنفڕانسی مەتبوعاتی نێونەتەوەیی وتووە کە، سەرکۆمار شەخسەن لەو کردەوەیەی ئەو بەتوندی توڕە بووە.

پرێزیدێنت تەنانەت هەڕەشەشی کرد کە هەر هەواڵنێرێك ئەم راپۆرتانە بە راگەیەنەرە نێونەتەوەیی‌یەکان بدات، سزا دەدرێت و وتی "بەزلله" لێیان دەدات. بە وتەی ئێندیپێندێنت ئەم هەواڵنێرە کەسێك نییە کە بێجگەلە هەڵسووڕاوی بەرچاوی ماف مرۆڤ لە پاکستان خانمی جەهانگیر کە هەواڵنێری تایبەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیشە، بەڵام ژێنێراڵ بەم کارەی خۆی زۆرتر لەجاران نیزامی دەسەڵاتدار لەسەر پاکستانی رسوا کرد و تەنانەت هەوڵەکانی دواتری دەوڵەتەکەشی سەبارەت بە قەدەغەکردنی رەسمی سەفەری موختارمای بۆ چاوەدێری‌کردنی موختاران بە بیانووی پاراستنی، پانتایی رسوایی‌یەکەی پەرەپێدا و ئەو راستی‌یانەشی ئاشکرا کرد کە ئەمڕۆکە ژێنڕاڵەکانی پاکستان و یەکگرتووە مۆدێڕنە جیهانی‌یەکانیش هەوڵ دەدەن کە لە پشتی پەردەدا رایگرن.

ژێنڕاڵەکان هەر لە سەرەتای سەربەخۆیی پاکستانەوە بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بوون. دەسەڵاتەکەی ئەوانیش هەر وەکوو دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران دەسەڵاتێکی درۆیینە و بێناوەرۆکە.

بە جێگەی تۆڕی پرژوبڵاوی نیزامی‌یە پاستارەکان و ئاغازادەکان لەژێر رێبەری مەلاکانی ئێران، لە پاکستان تۆڕی نیزامی‌یانی دەسەڵاتدار و فێئۆدال، سیاسەت و ئابووری‌یان خستۆتە ژێررکێفی بە جێگای بونیادی موستەزعەفان حەسابی تایبەتی دە زگای ولایەتی ئیران، نیزامیانی خۆیانەوە. دەسەڵاتدارو فئودالە پاکستانیەکان داریی و تجارەتی ولات کەلە بونگا گەورەکاندا سنووری تایبەتی و گشتی لەنێویاندا رۆ چوە یەخسیریان کردوون وتەواوی ئەو ئعتبارو یارمەتیانەی کە لە دەرەوە بۆ ئەم وڵاتەی دەنێرن لە رێگەی ئەم بونگایانەوە وەرێدەخرێ، ئعتباراتێك کە لە چوار چێوەی یارمەتی بە موجاهدینی ئەفغان بۆ خەبات لە داگیرکاری یەکیەتی سۆڤیەت درا بەم وڵاتە هەتا رەونەقی کارەکەیان زۆرتر بکا وە ئێستا شەر لە دژی تیرۆریش گەشتوەتە رادەی یارمەتی گەیاندن. بەرهەمی ئەو جۆرە ئابووریە هەژاری بەربڵاوە، پەرە پێدانی قاچاخ وکرین وفرۆشتنی مادە سر کەرەکان، بێکاری وهەڵبەت ژمارەی ئەو لاوە بێداهاتوانە کە هەندێك لەوان خوزیاری دەست درێژی بۆ سەر موختارمای بوون وە هەر وەها ئەو کەسانەی کە بە بێ دەنگی دانیشتن وچاویان لە سەحنەی جەنایەتەکە بکەن. ئەوانە هەموو هاوشێوەن لەگەڵ ئەو ئەنسارە حیزبوڵاهیانەی کە خامنەیی بەریان دەداتە گیانی ژنان و لاوانی ئێرانی دەوری سندوقەکانی دەنگدانیان پێ پر دەکاتەوە.

لە پێویستیەکانی ئەم سیستەمە رازی کردنی سەرۆك عەشیرەییێکە کە بە رەسم ویاسای سەدەکانی ناوەراست دێهات و شارە چکۆلەکانی پاکستان ئیدارە دەکەن. ئیستا رازی کردنی ئەوان بەهاییێکی ئیستراتژیکی پەیدا کردوە.ئەگەر عەسەبی بن لە بەرەی شەر لەگەڵ تیرۆر بەرەو بەرەی خەباتی تاڵەبان لەگەڵ ئیمپریالیزم دەرۆن. ئایا بەرگری لەماف ژنانی پێخاوسی دێهاتەکانی پاکستان بەهای خستنە مەترسی لەشکرکێشی مۆدێرنی دەوڵەتی بووشی لەگەڵ تیرۆریزم هەیە ؟ موختار بیبی بەو خەباتە ساکارەی خۆیەوە زنجیرەکانی ئەم سیستەمە جیهانیەی پچراندوە کە هێزەکانی زاڵ بەسەر

ئەواندا چ کاتێك پێکەوە ئیعتلاف دەکەن ،چ کاتێك پێکەوە شەر دەکەن بە هەر حاڵ لە هەر شوێنێك کە بە پێویستی بزانن لە نیزامی چەوساندنەوەی ژن ئەو پەری قازانج دەبەن وە بێجگە لە موختارمای و کەسانێکی تری وەك ئەو کێ دەتوانێ کاری وا بکات ؟ موشەرەف ؟ بووش؟ یان ئەو رۆژنامەوانانەی کە جیرە خۆری ئەوانن؟ هەمووی ئەوانە تێبینی خۆیانیان هەیە کە هەڵبەت ناتوانن بەهۆی ژنە دیاتیە کانی پاکستان لە دەستیان بدەن بەڵام موختارمای چ شتێکی بوو کە لە دەستی بدات بێجگە لە یەك شت ئەویش هەستی ماڤی بەرگری لە ژیانی و خۆراگری لە بەرابەر یە کسانی بوو کە ژیانەکەیانی تێك رووخاندبوو ئەگەر خۆی کوشتبایە سامانەکەشی لە دەست ئەدا. موختار نەی دەویست لەگەڵ کردەوەی حوکمی جنایەت کارانە، لە گەڵ ئەوانەی کە بەرووی ژنان ئەسید دەرێژن، لەگەڵ ئەوانەی کە بە ئەحکامی دەست درێژی بەسیج دەبن، وە هەر وەها لەگەڵ ئەنساری حزبولاّ شەر بکات. ئەو تەنانەت مندالأنی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژیان کردبوە سەر لە خوێندنگاکەی خۆیدا نێویانی نووسی تا بە هەمووان بسەلمێنێ کەمەبەستی ئەوتۆلەسەندنەوەنییە .ئەوبەوخەباتەسروشتی وساکارەی بەلام قول ودۆستانەتەواوی نیزامی چەوساننەوەی ژنی کێشایە گورەپانیخەباتەوە هەر ئەونیزامەی ژنرال موشرف بە پشت بستن بەووئیعتلاف لە گەل پاستاران ئەوهێزەی خۆی ریکبخات. ئاشکرابوونی ئەم نهینیە مایەیسەشوریە.هەرئەوەیە کە ژنرال پیاوەکانی لە سەفەرەکەی موختاران ترساون . سەرانی حێزبی حاکمی پاکستان دەلین هەولەکانی موختارو پشتیوانانی لە دژی ولاتەکەیانە ولاتەکەیان لە جیهاندا بەدنیودەکات . —ایندبیپیندیت لە نووسراوەیێکی خۆیدا نووسیویەتی کاتێك گۆڤاری تایم مووختاری وەك یەکێك لە قارەمانانی ئاسیا هەڵبژارد شی کردەوە کە مووختار دەرد و رەنج و خۆ راگری ژنێکی پاکستانی نویچنەرایەتی دەکات.

رەنج و ئازاری پاکستانی هەلچبەت رێگەیێکی بۆ وەر گرتنمی ئعتباری 100 ملیۆن دۆلاریە، بەڵام خۆ راگریەکەی؟ بە نووسراوەی نووسەری نامیلکەی ئیندیپندت ئەمەیان بۆ ناردنە دەرەوە گونجاو نیە.